# مێژوویەکی بێ نووسەر

هەژار خۆشناو

من وەك سمبولی ئالاكان
لە هەر شوێنێ ڕووخسارێکم دەبەخشی. .
ژیرێکی سەر شێتم. . !
یا سەر شێتێکی ژیر. . !
کە سروشتێکی دەستکردبم. . !
من مێژوویەکی بێ نووسەرم
درك بەو ڕۆژانە دەکەم
لەبەر دەرگایی مزگەوت
کەلەپچەی پێی منداڵێك دەکرایەوە. .
ئەو قوربانیانەی بێ جەژن بوون. .
لە خەفەت نامەی تەمەناو دا. .
کردەوەکانی منداڵیم شووشتن
بە دەم ڤیژەیەکی فەوتاو
سەر دەکەوتمە ئەو پەیژانە. .
مەنجەڵێکی ڕەش. . چاپەستێکی بێ دەسك. .
ئێستا حەسحەسێکی بێ گیانم. .
ڕۆح دەبەخشمە
ئەو قونکە پیاوانە. .
بەسەر گۆڕی پەپوولە چیاکان
باز. . بازانێ دەکەن. . !!
بەناوی شێرەوە خۆیان
خۆیان ڕاو دەکرد. . !
من کەمترین بەهام هەڵگرت. .
گەورەترین ئاژاوەم نا. .
دڕەندەترین مردنم داهێنا و هەموو من. .
کێ دەزانێ من کێم. . ؟!

01/06/2003-Itlia;Polla (Sa)
hajarkhoshnaw@yahoo. it